# نیەتی حەجی بۆ خۆی هێنا پاشان وویستی نیەتەکەی بگۆڕێت بۆ خزمێکی یایا ئەمە کارێکی دروستە

[ kurdish – کوردی – كردي ]

## شێخ عبد العزيز بن باز

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# نوى الحج لنفسه ثم بدا له أن يغير النية لقريب له فهل له ذلك؟

« باللغة الكردية »

الشيخ عبد العزيز بن باز

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# نیەتی حەجی بۆ خۆی هێنا پاشان وویستی نیەتەکەی بگۆڕێت بۆ خزمێکی یایا ئەمە کارێکی دروستە

**پرسیار** : کەسێك کە پێشتر حەجی بۆ خۆی کردبوو، جارێکی دیکە نیەتی حەجی بۆ خۆی هێنا، پاشان کە گەیشتە عەرەفە وویستی نیەتی حەجەکەی بگۆڕێت بۆ خزمێکی، ئایا حوکمی ئەمە چیە، ئایا دروست کارێکی لەو شێوەیە بکات ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

مرۆڤ کاتێك نیەتی ئیحرامی بە حەج هێنا بۆ خۆی، ئیتر بۆی نییە نە لەرێگا و نە لە عەرەفە و نە لەهیچ جێگایەکی تر نیەتی حەجەکەی بگۆڕێت بۆ کەسێکی دیکە، بەڵکو لەسەری واجبە ئەو حەجە بۆ خۆی تەواو بکات، وە نیەتی نەگۆڕێت نە بۆ باوکی و نە بۆ دایکی و نە بۆ هیچ کەسێکی تر، چونکە ئەو حەجە لەسەرەتاوە بۆ خۆی نیەتی لێهێناوە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو ئایەتە پیرۆزەی کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَأَتِمُّوا الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلَّهِ ﴾ [البقرة/١٩٦ ] واتا : حەج و عومرەکە بۆ خوای گەورە تەواو بکەن، جا کاتێك ئیحرامی بۆ خۆی بەست لەسەری پێویستە حەجەکەش بۆ خۆی تەواو بکات، وە کاتێکیش ئیحرامی بۆ

کەسێکی تر بەست دەبێت ئەو حەجە بۆ ئەو کەسە تەواو بکات، وە نابێت پاش نیەت و ئیحرام بەستن نیەت بگۆڕێت ئەگەر نیەتی حەجکردنی بۆ خۆی هێنا بێت، بەهەمان شێوە عومرەیش هەروایە .

خوای گەورەش لەهەمووان زاناترە .

"مجموع فتاوى ابن باز" (٧٨/١٧) .

سەرچاوە : سایتی ئیسلام پرسیار و وەڵام .